# باشترین وخێرترینتان ئەوانەن کە جوانترین ڕەوشتیان هەیە

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کەسێکی جوێندەر و جوێن فرۆش نەبوو، ودەیفەرموو: «باشترین وخێرترینتان ئەوانەن کە جوانترین ڕەوشتیان هەیە».
[سەحیح - ڕاست] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

قسە وکردەوەی ناپەسەند وناشیرین لە ڕەوشتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەبوو نە بە ئەنقەست ونە بە هیچ شێوەیەکی تر، ئەو خاوەن ڕەوشتێکی باڵا بوو -صلى الله عليه وسلم-. وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەیفەرموو: باشترینتان ئەوانەن جوانترین ڕەوشتیان هەیە، ئەمیش بە چاکەکاری، وڕووخۆشی، وئازار نەدان وئارامگرتن لەسەر ئازاردان، وتێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکی بەڕەوشتی جوان.